**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٢١٩٩٩ لە ٢٠١٥/١٠/٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددە (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بۆ ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

## ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان

### پێناسەکان

**ماددەی ( ١ ):**

١- **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢- **کۆمپانیا:** کۆمپانیا ئەمنییەکان کە لە سنوری هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

٣- **مۆڵەت:** ئەو مۆڵەتەی دەدرێت بە کۆمپانیای تایبەت بە کاری ئەمنی لە هەرێمی کوردستان ، داوای دامەزراندنی پێشکەش کردووە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیاکان.

٤- **کاری ئەمنی:** پاراستنی سەرو ماڵی کەسانی سروشتی و معنوی بەپێی گرێبەست لە نێوان ئەو کەسانەو کۆمپانیای ئەمنی.

٥- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە وەزارەتی ناوخۆ.

٦- **پاسەوان:** ئەو کەسەی کە لە کۆمپانیا ئەمنی تومارکراوە وە لە لایەن وەزارەت باجی ڕێگەپێدانی کاری بۆ کراوە بۆ پاسەوانی کردن لە کەسی سروشتی و معنوی.

**ماددەی ( ٢ ):**

ئامانج لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانە ئەوەیە :

١- ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان کە خزمەتی پاسەوانی و پاراستنی گیان و ماڵی کەسانی سروشتی و معنوی پێ دەسپێردرێت بەرامبەر برێك پارە لە لایەن سوودمەندەوە دەدرێت.

٢- بە هێزکردنی ئاسایشی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ئەو کارانەی ئەم کۆمپانیا ئەمنییانە پێی هەڵدەسێت و نابنە جێگرەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

### مەرجەکانی مۆڵەت پێدان

**ماددەی ( ٣ ):**

**یەك:** پێویستە لە سەر هەر کۆمپانیایەك ئەوەی داوای مۆڵەت بکات ئەم مەرجانە جێبەجێ بکات:

١- پێشکەشکردنی داواکاریەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان بە مەبەستی ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەت پێدان.

٢- دانانی بڕی ( ٥٠,٠٠٠$ ) پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم بە ناوی وەزارەتی ناوخۆ وەك بارمتە (تأمینات).

٣- پێشکەش کردنی کۆنووسی دامەزراندنی کۆمپانیاکە.

٤- کۆمپانیاکە دەبێت لەسەر ناوی هاونیشتمانییەکی کوردستان تۆمار بکرێت ودەکرێت هاوبەشی بیانی هەبێت

٥- ناوی سەرجەم بەشداربووان لە پشکەکانی کۆمپانیا و (CV) یەکانیان پێشکەش بکات.

٦- دیاری کردنی چەك و ئۆتۆمبێل بە دوو لیستی جیاواز پێشکەش بکرێت کە کۆمپانیا بە نیازە بیکرێت بۆ راپەراندنی کارەکانی.

٧- پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان پێیان دەدرێت بۆ سەرجەم فەرمانبەر و پاسەوانانی کۆمپانیاکە.

٨- دەبێت کۆمپانیا بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تۆمارکرا بێت بە پێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

٩- پڕکردنەوەی بەڵێننامەی تایبەت بە پابەندبوون بە هەموو مەرج وداواکارییەکانی تایبەت بەدامەزراندنی کۆمپانیای ئەمنی کە بە پێی کلێشەیەکی تایبەت لە لایەن وەزارەت ڕێك دەخرێت.

دوو: مۆڵەت پێدان بۆ ماوەی یەك ساڵە و دەکرێت نوێ بکرێتەوە.

**ماددەی ( ٤ ):**

١- هیچ کۆمپانیایەکی ئەمنی بیانی بۆی نییە لق لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە.

٢- هیچ کۆمپانیایەکی ئەمنی مۆڵەت پێدراو بە پێی ئەم ڕێنماییانە بۆی نییە یاداشتی لێك تێگەیشتن واژۆ بکات لەگەڵ کۆمپانیایەك کە مۆڵەت پێدراو نەبێت لە لایەن وەزارەت.

٣- نابێت کۆمپانیای ئەمنی هیچ چالاکییەکی تر ئەنجام بدات جگە لە کاری ئەمنی واتە نابێت زیادکردنی چالاکی بۆ بکرێت.

## نوێ کردنەوەی مۆڵەت

**ماددەی ( ٥ ):**

مۆڵەتی کۆمپانیا نوێ دەکرێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان ومۆڵەت پێدان .

٢- پێشکەش کردنی وێنەك لە گرێبەستەکانی ساڵی رابردوو بەزمانی کوردی وپەسەندکرا بیت لەلایەن دادنووس

٣- پشتگیری ئەستۆپاکی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی باجی کۆمپانیاکان.

٤- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان / هۆبەی بەدواداچوون کە لە ڕێگەی راپۆرتی سەردانی لیژنەکانی پشکنین لە ڕێك و پێکی کاری کۆمپانیا.

٥- رەزامەندی وەزارەت لەسەر نوێ کردنەوە بەپێی پێویست .

## ئەرکەکانی کۆمپانیا ئەمنییەکان

**ماددەی ( ٦ ):**

پێویستە لەسەر کۆمپانیا ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات:

١- خراپ بەکار نەهێنانی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە و بەکارهێنانی تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بێت کە لە گرێبەستی کارکردنیان دیاری کراوە.

٢- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکان وەك پۆلیس و ئاسایش.

٣- هەڵنەگرتنی چەك لە دەرەوەی ئەرکەکانیان.

٤- بەکار نەهێنانی چەك تەنیا لە حالەتی بەرگری لەخۆکردن نەبێت.

٥- پێشکەش کردنی راپۆرتی مانگانە لەسەر کار و چالاکییەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی.

٦- مەشق پێ کردنی پاسەوان بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ کەمتر نەبێت و فێرکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی چەك و پاراستنی کەسانی سروشتی و معنوی و لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەت.

٧- هیچ پاسەوانێك نابێت بخرێتە ناو ئەرکەوە پێش کۆتایی مەشق و دەبێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی بێت.

٨- هەر کۆمپانیایەك دەبێت جل و بەرگی تایبەت بە خۆی دروست بکات کە لە لایەن وەزارەت رەنگی بۆ دەستنیشان دەکرێت و ئارمی کۆمپانیا لەسەر درابێت هەروەها ناوی پاسەوان یان ژمارەیەك کە ئاماژەی پێ بکات لەسەر لای راستی سنگی و لۆگۆی کۆمپانیا لەسەر لای چەپی بچەسپێنێت .

## مافەکانی کۆمپانیا ئەمنییەکان

**ماددەی ( ٧ ):**

١- کۆمپانیا بۆی هەیە بەپێی پێویست پاسەوان و فەرمانبەر دابمەزرێنێت دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و جێبەجێ کردنی مەرجەکانی تایبەت بەدامەزراندن .

٢- کۆمپانیای ئە منی بۆی هەیە ببێتە خاوەن چەك و تە قەمەنی وئوتومبێلی ئاسایی و گولە نەبڕ (درع) پاش پێشکەش کردنی گرێبەستی تایبەت بەو کارەی کە ئەنجامی دەدات.

٣- خاوەندارێتی ئوتومبێلی گولە نەبڕ (درع) ناگوازرێتەوە تا ماوەی پێنج ساڵ لە یەکەم تۆمار کردن.

٤- لەکاتی هەڵوەشانەوەی کۆمپانیای ئەمنی هەموو چەك و تەقەمەنی کۆمپانیا دەبێتە مولکی وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر نەیتوانی بیفرۆشێتەوە بە کۆمپانیایەکی ئەمنی تر کە مۆڵەتی لە وەزارەت هەبێت.

## چاودێریکردنی کۆمپانیاکان

**ماددەی ( ٨ ):**

١- لە هەر پارێزگایەك لیژنەیەکی پشکنین پێك دێت بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێك لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ و ئەفسەرێك لە بەرێوبەرایەتی پۆلیس وئەفسەرێك لە بەرێوبەرایەتی ئاسایشی پارێزگا بۆ پشکنین و بەدواداچوونی کاری کۆمپانیا ئەمنیەکان.

٢- پێویستە لە سەر ئەم لیژنەیە بە بەردەوامی سەردانی کۆمپانیا ئەمنییەکان بکات و ئەو شوێنانەی کە گرێبەستەکەی لێ جێبەجێ دەکات .

٣- لە کاتی بینینی هەر پێشێلکارییەك لە لایەن کۆمپانیایەکی ئەمنی لیژنەی پشکنین بۆی هەیە بە شێوەیەکی کاتی کۆمپانیای ئەمنی داخات بۆ ماوەی (١٥) رۆژ و دەکرێت یەك جار نوێ بکرێتەوە بە بڕیاری پارێزگار و راپورتی تایبەت بەو پێشێلکارییە بنێرێت بۆ وەزارەت ، پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی بە زووترین کات ئەم راپۆرتە بخاتە بەردەستی وەزیر بۆ بڕیاری کۆتایی.

٤- پێویستە لەسەر ئەم لیژنەیە مانگانە راپۆرتی تایبەت بە بەدواداچوون بۆ کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە سنوری پارێزگاکەی ئامادە بکات و رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان لە وەزارەت بکات.

## مەرجەکانی دامەزراندنی کارمەندانی کۆمپانیای ئەمنی

**ماددەی (٩):**

١- تەمەنی لە (٢٠) ساڵ کەمتر نەبێت وە لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت .

٢- دەرچووی سەرەتایی کەمتر نەبێت .

٣- خاوەن رەوشتێکی باش بێت و رابردووی پاك بێت بە پشتگیری بنکەی پۆلیسی شوێنی نیشتەجێبوونی کارمەند و بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش.

٤- هیچ تاوانێك و کەتنێکی ئابڕو بر (مخلە بالشرف) ئەنجام نەدابێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان

٥- باری تەندروستی و دەروونی باش بێت و هیچ نەخۆشییەکی جەستەیی ودەروونی نەبێت بە پشتگیری لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.

**ماددەی (١٠):**

١- بڕەپارەی سێ ملیون دینار بۆ پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمپانیای ئەمنی وەردەگیرێت.

٢- بڕەپارەی یەك ملیون دینار بۆ نوێ کردنەوەی مۆڵەت وەردەگیرێت.

٣- بڕەپارەی چل هەزار دینار بۆ دروست کردنی باجی هەرکارمەندێك وەردەگیرێت.

٤- بڕەپارەی پەنجا هەزار دینار بۆ دروست کردنی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك وەردەگیرێت بەپێی رێنمایی پێدانی مۆڵەتی چەك ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٥ .

٥- بڕەپارەی سە د هەزار دینار بەرامبەر بە دروست کردنی هەر باجێك بۆ ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیا.

٦- ئەو بڕەپارانەی لە بڕگەکانی ( ١ و ٢ و ٣ ) سەرەوە هاتووە لە حسابێکی تایبەت دادەنرێت و بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی کاری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان ولەلایەن وەزیرەوە خەرج دەکرێت.

## سزاکان

**ماددەی (١١):یەکەم:-**

١- وەزیر بۆی هەیە بڕیاری راگرتنی چالاکی کۆمپانیای ئەمنی دەربکات بۆ ماوەیەکی کاتی کە لە یەك مانگ تێپەر نەبێت ئەگەر ئەم رێنماییانە پێشێل بکات بە پێی راپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون.

٢- وەزیر بۆی هەیە کۆمپانیای ئەمنی بە یەکجاری داڕخات گەر پێشێلکارییەکانی دووبارە کردەوە بە پێی راپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون.

٣- وەزیر بۆی هەیە کۆمپانیا داڕخات ئەگەر مەترسی دروست بکات لە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

٤- دەرچوونی بریارێکی کوتایی لە دادگا بەداخستنی.

دووەم: کۆمپانیای ئەمنی بۆی هەیە تانە لە بریارەکانی برگە (١ ،٢ ،٣) لە بەردەم دادگای کارگێری لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە دەرچوونی ئەم بریارە .

ماددەی (١٢):

١- هیچ شوێن و کۆمپانیا و لایەنێك بۆی نییە بەبێ رەزامەندی وەزارەت کۆمپانیای ئەمنی دابمەزرێنیت.

٢- هیچ شوێن و کۆمپانیا و لایەن و کەس بۆی نییە پاسەوانی تایبەت هەبێت یان کاری تایبەت بە کۆمپانیای ئەمنی بکات لە دەرەوەی یاسا و رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

٣- هەر شوێنێك و لایەنێك و کەسێك، (کارمەندی ئەمنی) دابنێت و کاری ئەمنی ئەنجام بدات ئەم رێککارانە بەرامبەریان دەکرێت:

أ- ئاگادار کردنەوەی کە لە ماوەی (١٥) رۆژ ئەو پێشیلکارییە نەهێلێت و بە شێوەیەکی یاسایی و بەپێی ئەم رێنماییانە و لە رێگای کۆمپانیا رێگە پێدراوەوە ئەم کارە ئەنجام بدات.

ب- دوای تێپەربوونی ئەو ماوەیە کە لە برگە (أ) دیاری کراوە ئەگەر ئەم پێشیلکارییانە بەردەوام بیت وەزیر بۆی هەیە ئەو شوێنە داڕخات بۆ ماوەی یەك مانگ زیاتر نەبێت.

ج- ئەو پێشیلکارییە لە رێگای پۆلیس لادەبرێت .

د- گەر پێشیلکارییە بەردەوام بوو ئەو شوێنە دادەخرێت تا ئەو پێشیلکارییە لادەبات.

هـ- وەزیر بۆی هەیە ئەو شوێن و لایەن و کەسانەی لە برگەکانی سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە بداتەوە دادگای تایبەتمەند.

ماددەی (١٣):

١- ئەم رێنماییانە لەسەر ئەو کۆمپانیانەش جێبەجێ دەکرێت کە پێش دەرچوونی ئەم رێنماییانە دامەزراون.

٢- پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا ئەمنیانەی پێش دەرچوونی ئەم رێنمایە دامەزراون بارودوخی خۆیان رێك بخەن بە پێی ئەم رێنمایانە لەماوەی ٦٠ رۆژدا.

ماددەی (١٤):

کار بە هیچ رێنمایی و نوسراوێك ناکرێت پاش دەرچوونی ئەم رێنماییە.

ماددەی (١٥):

ئەم رێنماییانە کاری پێ دەکرێت دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە : ١١٣٩٥ لە ٢٠١٧/٧/١٠

**بەیانی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠١٧**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ولەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩٢ لە ٢٠١٥/١١/٥ بڵاوکراوەتەوە و بەیانی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی سەرەوە ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٦، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم هەموارانەی خوارەوە:-

یەکەم: زیادکردنی بڕگە ٧و ٨ لە ماددەی یەکەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی یەکەم :

بڕگە/٧ : سەگی پاسەوانی: ئەوسەگانە ی کە بۆکاری پاسەوانی و ئەمنی بەکاردیت لە جۆری k9

بڕگە ٨: ڕاهێنانی ئەمنی: ئەوجۆرە ڕاهێنانانەیە کە لەسەر کاری پاسەوانی ئەنجام دەدرێت لەلایەن کۆمپانیاکانی تایبەت بە ڕاهێنانی پاسەوانی ئەمنی)

دووەم: زیادکردنی برگە١٠و١١و١٢لە ماددەی سێیەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

ماددەی سێیەم :

بڕگەی/ ١٠: دیاریکردنی جۆرو ژمارەی سەگی پاسەوان ئەگەر مۆڵەتی کۆمپانیا تەنها تایبەت بوو بە هاوردەکردن و دابین کردن و ڕاهێنانی سەگی پاسەوانی بێت .

برگەی /١١دیاری کردنی شوێن و جۆری ڕاهێنان و ماوەکەی ئەگەر کۆمپانیای ئەمنی تایبەت بێت بە ڕاهێنانی کاری پاسەوانی

برگەی/١٢ : پێویستە کۆمپانیای بواری ڕاهێنانی ئەمنی گۆرەپانی مەشق و تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی چەکی هەبێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی)

سێیەم: زیادکردنی بڕگە٩و١٠لە مادده شەشەم لە ڕێنمایی سەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

٩- کۆمپانیاکانی تایبەت بە هاوردەکردن و دابین کردن و ڕاهێنانی سەگی پاسەوانی دەبێت شوێنی تایبەت دابین بکات بۆ حەواندنەوەو دابین کردنی خواردنی تایبەت بۆ سەگی پاسەوانی.

١٠-پێویستە سەگی پاسەوانی لە جۆری k9 بێت و بڕوانامەی ڕاهێنانی باوەڕپێکراوی هەبێت

چوارەم: ئەم هەموارانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٦١٨٢ لە ٢٠١٦/٤/٧

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە ٣ برگە ١ لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩٢ لە ٢٠١٥/١١/٥) بڵاوکراوەتەوە، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم هەموارانەی خوارەوە:

**بەیانی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٦**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**یەکەم**: هەمواركردنی برگە/٤ لە مادە سێیەم لە ڕێنمایی سەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی سێیەم: برگە/٤: کۆمپانیاکە دەبێت لەسەر ناوی هاونیشتیمانییەکی هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت و دەکرێت لەسەر ناوی کەسی بیانی تۆماربکرێت یان هاوبەشی بیانی هەبێت).

**دووەم**: هەمواركردنی برگە/١ لە مادەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(مادەی چوارەم: برگە/١: کۆمپانیای ئەمنی بیانی بۆی هەیە لق لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە بەمەرجێك گشت ڕێککارەکانی ڕێنمایی سەرەوە جێبەجێ بکات).

**سێیەم**: زیادکردنی برگەی (٩) لە مادەی شەشەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

(مادەی شەشەم: برگە/٩: پێویستە لەسەر کۆمپانیا ئەمنییەکان هەر ڕاپۆرتێك هەر (١) مانگ جارێك سەبارەت بە کاروچالاکییەکانیان و هەر ڕاپۆرتێکی ئەمنی کە بڵاوی دەکەنەوە پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکەن).

**چوارەم**: ئەم هەموارانە کاری پێ دەکرێت لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**کـریم سنجاری**

**وەزیـری ناوخۆ**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٨٣٧ لە ٢٠١٦/٢/١٦**

## بـڕیــاری
## ژمارە ( ٧٧ )لە ٢٠١٦/٢/٣

پشت بەستن بە ئەحکامـی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمـی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشـنایی ئەحکـامەکانی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمـی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و پاڵپشت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٥، ٦، ٨، ٩، ١٠، ١١)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە مۆڵەتی کارکردنی پیشەیی (اجازة ممارسة المهنة) بۆ ئەو نووسینگە و کۆمپانیانەی کاردەکەن لە بوارەکانی (ئەمنـی و پاسەوانی و سەلامەتی گشتی و بەرگری شارستانی و هاوردەکردنی کەلوپەلی سەربازی و بەدواداچوونی کاروباری نشینگە و هاوردەکردنی تەقەمەنی و کامێـرای چاودێری و فێربوونی شوفێری)، و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢) لە بەرواری ٢٠١٦/٢/٣، بڕیاردرا بە:

١- وەرگرتنـی بڕی ڕسووماتی تایبەت بە مۆڵەتی کار (ممارسة المهنة) بۆ ئەو کۆمپانیا و کەسانەی لە بوارەکانی ئاماژەپێدراوی سەرەوە کاردەکەن بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی ڕسووماتی تایبەت بە مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە بەپێـی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمـی کوردستان کاردەکەن) کە (٣٠) سی بڕگەیە و بەبڕگەی ژمارە (١) پێدانی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیای ئەمنـی دەستپێدەکات، و بەبڕگەی ژمارە (٣٠) نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ دوکانەکانی فرۆشتنی یارییە ئاگرینەکان کۆتایی دێت.

٢- وەرگرتنی بڕی سزا داراییەکانی (الغرامات) هاتوو تایبەت بە مۆڵەتی کار (ممارسة المهنة) بۆ ئەو کۆمپانیا و کەسانەی لە بوارەکانی ئاماژە پێدراوی سەرەوە کاردەکەن بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی سزای دارایی تایبەت بەمۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن) کە(٤) چوار بڕگەیە و بەبڕگەی ژمارە (١) سزای دواکەوتنی نوێکردنەوەی مۆڵەت دەستپێدەکات، و بەبڕگەی ژمارە (٤) سزای دواکەوتنی نوێکردنەوەی باجی ئۆتۆمبێلی کۆمپانیا کۆتایی دێت.

٣- ڕێژەیەك لە داهاتی هاتوو لە هەردوو خشتەی (١) و (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتی دارایی ئابوورییەوە تەرخان دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو وەزارەتی پەیوەندیدار دوای وەرگرتنـی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەکاردێت بۆ بوارەکانی هاتوو لەسەرەوە، و ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ خەرج دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان.

٤- وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٥- کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٦- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

**نێچیـرڤان بارزانی**

**سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**خشتەی ژمارە (١)**

**خشتەی رسووماتی تایبەت بە مۆڵەتی کار ( ممارسة المهنة ) بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | پێدانی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیای ئەمنی | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار |
| ٢ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیای ئەمنی | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٣ | دروستکردنی باجی کارمەندانی کۆمپانیاکان و نووسینگە و شوێنەکانی فرۆشتن و نوێکردنەوەیان | ٦٠,٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ٤ | دروستکردنی باج بۆ ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای ئەمنی | ٢٠٠,٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٥ | پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٦ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك | ٦٠,٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ٧ | پێدانی مۆڵەتی کاری کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری پاراستنی گشتی و بەرگری شارستانی | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار |
| ٨ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری پاراستنی گشتی و بەرگری شارستانی | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٩ | پێدانی مۆڵەتی کاری نووسینگەی ئەندازەی ڕاوێژکاری لە بواری پاراستنی گشتی و بەرگری شارستانی | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | سێ ملیۆن دینار |
| ١٠ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری نووسینگەی ئەندازەی ڕاوێژکاری لە بواری پاراستنی گشتی و بەرگری شارستانی | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ١١ | پێدانی مۆڵەتی کاری کارگەی پڕکردنەوەی ئاگرکوژێنەوەکان | ٤,٠٠٠,٠٠٠ | چوار ملیۆن دینار |
| ١٢ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری کارگەی پڕکردنەوەی ئاگرکوژێنەوەکان | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٣ | پێدانی مۆڵەتی کاری نووسینگە یان دوکانی تایبەتمەند لە بواری فرۆشتنی کەلوپەلی پاراستنی گشتی و بەرگری شارستانی | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ١٤ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری نووسینگە یان دوکانی تایبەتمەند لە بواری فرۆشتنی کەلوپەلی پاراستنی گشتی و بەرگری شارستانی | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٥ | پێدانی مۆڵەتی کاری کۆمپانیاکانی هاوردنی کەلوپەلی ئامێرە بێ تەلەکان و ئامێرەکانی دیاریکردنی شوێن و سیستمی کامێرای چاودێری | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار |
| ١٦ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیاکانی هاوردنی کەلوپەلی ئامێرە بێ تەلەکان و ئامێرەکانی دیاریکردنی شوێن و سیستمی کامێرای چاودێری | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |

## خشتەی ژمارە (١)

**خشتەی رسووماتی تایبەت بە مۆڵەتی کار ( ممارسة المهنة ) بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١٧ | پێدانی مۆڵەتی کار بۆ دوکانەکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ئامێرە بێ تەلەکان و ئامێرەکانی دیاریکردنی شوێن و سیستمی کامێرای چاودێری | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ١٨ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ دوکانەکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ئامێرە بێ تەلەکان و ئامێرەکانی دیاریکردنی شوێن و سیستمی کامێرای چاودێری | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٩ | پێدانی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانییەکان | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار |
| ٢٠ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانییەکان | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٢١ | پێدانی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی هاوردنی تەقەمەنی و یاریبە ئاگرینەکان | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار |
| ٢٢ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی هاوردنی تەقەمەنی و یاریبە ئاگرینەکان | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٢٣ | پێدانی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی هاوردنی کەرەسە و پێداویستییەکانی سەربازی | ٦,٠٠٠,٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار |
| ٢٤ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی هاوردنی کەرەسە و پێداویستییەکانی سەربازی | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٢٥ | پێدانی مۆڵەتی کار بۆ دوکانەکانی فرۆشتنی کەرەسە و پێداویستییەکانی سەربازی | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٢٦ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ دوکانەکانی فرۆشتنی کەرەسە و پێداویستییەکانی سەربازی | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ٢٧ | پێدانی مۆڵەتی نووسینگەی فێربوونی شوفێری | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٢٨ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی نووسینگەی فێربوونی شوفێری | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ٢٩ | پێدانی مۆڵەتی کار بۆ دوکانەکانی فرۆشتنی یاریبە ئاگرینەکان | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٣٠ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کار بۆ دوکانەکانی فرۆشتنی یاریبە ئاگرینەکان | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەدهەزار دینار |

## خشتەی ژمارە (٢)

**خشتەی سزای دارایی تایبەت بە مۆڵەتی کار ( ممارسة المهنة ) بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن**

| ژ | جۆری سزا | بڕی سزا (بە ژمارە) | بڕی سزا (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | سزای دواکەوتنی نوێکردنەوەی مۆڵەت (لە ١ یەك ڕۆژ تا ٣٠ سی ڕۆژ) | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٢ | سزای دواکەوتنی نوێکردنەوەی مۆڵەت (لە ٣٠ سی ڕۆژ بە سەرەوە) بۆ هەر مانگێك | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٣ | سزای دواکەوتنی نوێکردنەوەی باجی کارمەندان (بۆ هەر ڕۆژێك) | ٥,٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |
| ٤ | سزای دواکەوتنی نوێکردنەوەی باجی ئۆتۆمبێلی کۆمپانیا (بۆ هەر ڕۆژێك) | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |